# دوای خوێندنەوەی بەردەباران

بژار

مورتەزا بوو، لە پێشەوە
بە ڕاوێژی گورگە بۆری ئەو ناوچەیە کە کوێخا بوو، ڕاوەستا بوو
دەستی دڵی گەڕاندبوو بەباخەڵی چوار ئایەتاو
بەردی خڕو قەوی، چواری هەڵبژاردەی دەرهێنابوو
مورتەزا بوو،
وەك ژەهراوی دین و فتوای ڤێزەوون و تیرێکەمان بەجێهێشتوو،
هەمووی بەرەو ئینسانێکی نیوباوەشی گزنگ هاویشت
مورتەزابوو، سۆمای چاوو
چرای ماڵ و خەونی سەوزو لووتکەی شاخی دێ کەی نەویست
مورتەزا بوو، لەوێ پێوام
بیری بەقەد گۆچانەکەی درێژ نەبوو
لەوێ پێوام
ووتەی بەقەد گوێزی پووچی بن عەماری شاری کرمان کێشی نەبوو
لەوێ پێوام
سۆزی بەقەد ڕایبۆسۆم ی ناو خانەیەك درشت نەبوو
لەوێ پێوام
چی فەرموودەو فەرمایشت بوو لەکەللەیدا
بەقەد خۆڵی ژێر پێڵاوی (سورەییا)کەی نرخی نەبوو

*** *** ***

قوربان عەلی، ئەو کەسە بوو
بەناو سنگیا هەرچی گەڕام دڵم نەدی
بەناو مێشکیا هەرچی گەڕام ئەقڵم نەدی
بەناو چاویا هەرچی گەڕام تیشکم نەدی
بەناو زوانیا هەرچی گەڕام ئابڕووم نەدی
قوربان عەلی، ئەو کەسە بوو
نۆ منالی جگەر گۆشەی،
لەگەڵ سووتووی سیگارەکەی لاچوون یەك بوو
تەپلەی ڕەشی ئایەتوڵلا و
دانیشتوانی گشت ئێران و
سەفتە پارەی ناو قاسەکەی لاچوون یەك بوو
قوربان عەلی ئەو کەسە بوو

ئاوی چەم و چڵكی دەست و

خوێنی گەشی هاوسەرەكەی لاچوون یەك بوو

وەڕەی سەگ و لوورەی گورگ و پاڕانەوەی

كازیوەكەی سەر(كۆهپایە)ی لاچوون یەك بوو

*** *** ***

مەلا حەسەن، كابرایەك بوو

بۆنی ووشەی ئەوو زێراب لە یەك دەچوون

زوانی تیژی ئەوو دەمی قەمەی قەساب لەیەك دەچوون

مشەی ئەوو

خولانەوەی مشكی سەحرا لەیەك دەچوون

سیمای ئەوو كەنغەرێكی ئوستڕالیا لەیەك دەچوون

مەلا حەسەن

سالأنێك بوو لەگەڵ ویژدان شەڕی دەكرد

سالأنێك بوو بەناو گەرووی برینداڕا تیغی دەبرد

سالأنێك بوو بەسەر خەڵكی چەوساوەدا

هەرچڵكاوی بۆگەن كردووی ژێر مێزەری سپی دەڕشت

سالأنێك بوو بەو (ژێ سێ)یەی ئیمام لە(قوم)كردیە شانی

كۆتری هیوای لاوانی دێی

لەسەر بان و ژوورو حەوشەو بن پەرژین و مەزرا دەكوشت

*** *** ***

ئینسان هەیە لەهەر كوێ بێ

وەكو دووپشك چزووی پێیە

وەكو ئاخوند، وەكو سەیید،

وەكو شێخی خاوەن مورید، لیژنەداری درۆی پێیە

ئینسان هەیە لەهەر كوێ بێ

بۆ سەربڕین زولفەقاری عەلی پێیە

بۆ تەنگانەش لە باخەڵیا

دەستەسڕی ئاوریشمینی بۆ قۆندەرە سڕین پێیە

ئینسان هەیە وەكو كوێخا بۆ ئافرەتی ڕەنگ ئەستێرە،

مەشخەڵ بەدەست، سەر لە هەور،

فەردە جوێن و قسەی سووك و چاوی دەرپەڕیوی پێیە

بۆ سەپانی تاوان بەسەر بێچارە دا

شفرەی بەراز، كەڵبەی گورگ، وەڕەی سەگی خوێڕی پێیە

*** *** ***

دوێنێ چوومە لای مورتەزا

بینیم جۆگەی ژاوەژاوی بەناو دێدا هەڵکردووە

بینیم هەستی ئینسانیی خۆی لەو کاتەوە

بە ئایەت و بە فەرموودەی ئەباجەعفەر دۆڕاندووە

دوێنێ بینیم قوربان عەلی وەکو یەکەم ڕۆژی تاوان

دەمی چەقۆی پیلانەکەی لەڕووی خەڵکا ڕاگرتوە

بینیم هێشووی ماچی بۆ سەر پێڵاوەکەی ئیمام جومعە

وەکو جاران لە دوورەوە، بەڕێزەوە، داگرتووە

دوینێ بینیم، لەمزگەوتا لەسەر مینبەر،

مەلاحەسەن کۆنەقینی لە سورەییا دیسانەوە هاتووەتە جۆش

دیسانەوە بە تلیاکی هەمان پەرتووك

بۆ پاساوی بەردەباران ڕووی نەگریسی بێ شەرمانە دەکا ڕووپۆش

دوێنێ بینیم کوێخا لەسەر سەکۆیەکی کەمێك بەرز وڕێنەی بۆ خەڵك دەکرد

بینیم بەناو سیمای گەشی سورەییادا

وەك خەنجەری دەبان ووشەی پیسی دەبرد

*** *** ***

لەو ڕۆژەوە کە سورەییا،

کوێخاو مەلا و مێردو باوك، بەرگی خوێنیان کرد بەبەریا

ئابڕووی هەموو تاوان باران

ڕژایە ناو مەیدانی دێو

ژنان هەمووی بە نەعلەوە، یەکەیەکە چوون بەسەریا

لەو ڕۆژەوە کە سورەییا

باڵ بەست کراو لەچاڵێکدا بەبەرد کەللەی سەریان شەق کرد

لەو ڕۆژەوە چی گەورەیی قورئان هەبوو

لەناو دڵی ژنانی دێ

وەك شەرەفی کوێخا و مەلاو قوربان عەلی و مورتەزا مرد

*** *** ***

٢٠٠١-١-٣١